Journal of Kurdish Literature
Autumn and Winter 2024
Vol. X, No. 2, Series 18

پژوهشنامه ادبیات کردی
پاییز و زمستان ۱۴۰۳
سال ۱۰، شمارۀ ۲، پیاپی ۱۸

# ئۆنتۆلۆژیی زمان لە شیعری بوونگەرایی شێرکۆ بێکەسدا
## (لێکۆڵینەوەیەکی شیکارانە-لێکدانەوەیی لەسەر بنەمای فەلسەفەی هایدگەری)

دیدار ئەنوەر ئەحمەد ئەلحەماوەندی [1]
خوسرەو سینا [2] (نووسەری بەرپرس)
سەیدسادق زەمانی [3]
بەدریە قەوامی [4]

(وتاری توێژینەوەیی)

کاتی وەرگری: ۵ی خاکەلێوەی ۱۴۰۳، کاتی پەژیران: ۱۶ی خەزەڵوەری ۱۴۰۳، لل. ۲۶۷–۲۵۱
DOI: 10.22034/JOKL.2024.63506

**کورتە**

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ئاراستەیەکی شیکارانە-لێکدانەوەیی و بە پشت بەستن بە چەمکە فەلسەفییەکانی مارتین هایدگەر، هەبوونناسیی زمان لە شێعری بوونایەتیی شێرکۆ بێکەسدا تاوتوێ دەکا. بە لێکدانەوی کەڵک وەرگرتنی داهێنانەی بێکەس لە زمان و تێکگیرانی ئەو لەگەڵ ناوەرۆکگەلێکی وەک: دوورخرانەوە، شوناس و داڵغەی بوونایەتی، بۆمان دەردەکەوێ شێعری ناوبراو چۆناوچۆن بیرۆکەی هەبوونناسێتیی هایدگەر وێنا دەکا و پەرەی پێ دەدا. ئەم لێکۆڵینەوەیە گوڵبژێرێک لە کۆمەڵە شێعرەکانی بێکەس، وەک *ئێستا کچێک نیشتمانمە* و *دەربەندی پەپوولە* تاوتوێ دەکا و لێکیان دەداتەوە. مەبەستی ئەوەیە نیشان بدا، بەرهەمەکانی هایدگەر چلۆن چەمکەکانی دنیا و ڕەسەنایەتی و دەوری زمان لە دەرخستنی بوونایەتیدا، خویا دەکەن. ئەم لێکدانەوەیە نەک هەر یاریدەی تێگەیشتنێکی قووڵتر لە ئەدەبی کوردی دەدا، هاوکات ڕوانگەگەلێکیش لەمەڕ کەڵک وەرگرتن لە فەلسەفەی بوونایەتی لە دەربڕینی شێعریی هاوچەرخدا دەردەخا. ئەم وەدۆزراوانە گرینگایەتیی کاری بێکەس لە دەربڕینی ئاڵۆزییەکانی بوونی مرۆڤ، بەتائبەت لە چوارچێوەی شوناسی کوردی و ئەزموونی دوورخرانەوەدا، زەق دەکەنەوە.

***وشەگەلی سەرەکی:*** شێرکۆ بێکەس، مارتین هایدگەر، شێعری کوردی، زمان، ئۆنتۆلۆژی

**چکیده**

این پژوهش به بررسی هستی‌شناسی زبان در شعر وجودی شیرکو بی‌کَس از منظر فلسفه مارتین هایدگر می‌پردازد. با استفاده از رویکرد تحلیلی–تفسیری، این مطالعه به تحلیل تکنیک‌های زبانی خاص بی‌کَس و موضوعاتی چون تبعید، هویت و معضلات وجودی می‌پردازد. هدف این است که نشان دهد چگونه آثار او مفاهیم هستی‌شناسی هایدگر را تجسم و گسترش می‌دهند. اشعار منتخب از مجموعه‌های بی‌کَس، از جمله *اکنون دختری وطن من است* و *دره پروانه* مورد بررسی قرار می‌گیرند تا نشان دهند که چگونه مفاهیم وجود، اصالت و نقش زبان در آشکارسازی هستی در شعر او بازتاب یافته است. یافته‌ها بر غنای شعر بی‌کَس به عنوان زمینه‌ای غنی برای پژوهش‌های وجودی هایدگری تأکید می‌کنند و به تعامل پیچیده بین زبان، وجود و تجربه انسانی اشاره دارند. این تحلیل نه تنها درک ما از ادبیات کردی را عمیق‌تر می‌کند، بلکه به کاربرد فلسفه وجودی در شعر معاصر کردی نیز روشنی می‌بخشد. اهمیت بی‌کَس در بیان پیچیدگی‌های وجود انسانی در زمینه هویت کردی و تجربه تبعید نیز مورد تأکید قرار می‌گیرد.

***واژگان کلیدی:*** شیرکو بی‌کَس، مارتین هایدگر، شعر کردی، زبان، هستی‌شناسی

١ . خوێندکاری دکتۆرای فەلسەفەی هونەر، لقی سنە، زانکۆی ئازادی ئیسلامی، سنە، ئێران. dararanwar1989@gmail.com
٢ . پرۆفیسۆری یاریدەدەر، کۆلێژی هونەر و تەلارسازی، زانکۆی کوردستان، سنە، ئێران. khosro.sina@uok.ac.ir
٣ . پرۆفیسۆری یاریدەدەر، بەشی فەلسەفەی هونەر، لقی سنە، زانکۆی ئازادی ئیسلامی، سنە، ئێران. zamani@iausdj.ac.ir
٤ . پرۆفیسۆری یاریدەدەر بەشی زمان و ئەدەبی فارسی، لقی سنە زانکۆی ئازادی ئیسلامی، سنە، ئێران. badriqavami@gmail.com

## ۱- پێشەکی

لە دێرزەمانەوە پێکگەیشتنی شێعر و فەلسەفە بەستێنێکی ڕەخساو بووە بۆ کەندوکۆی باری مرۆڤ و چییەتیی هەبوون. لەم بوارەدا کاری شاعیری کورد، شێرکۆ بێکەس (۱۹٤۰ ـ ۲۰۱۳)، سەرە هەودایەکی بایەخدار بۆ تاوتوێی ناوەرۆکی بوونایەتی لە دەلاقەی فەلسەفەی هەبووناسانەی مارتین هایدگەر (۱۸۸۹ ـ ۱۹۷٦)ـەوە دەردەخات. بێکەس کە بە گشتی وەک یەکێک لە شوێندانەرترین شاعیرانی تازەی کورد دەناسرێ، شێعرگەلێکی داڕشت کە نەک هەر ئەزموونی کوردی دەنواند، بەڵکوو ئامبازی پرسیارگەلی جیهانی-بوون و زمانیش بوو.

هایدگەر، کەسایەتیی دیاری فەلسەفەی سەدەی بیستەم، بە تەرکیز لەسەر پرسی هەبوون و بوونی مرۆڤ، شۆڕشێکی لە لێکۆڵینەوەی هەبووناسێتیدا هەڵاییساند. چەمکی ئەو لە زمان وەک «یانەی هەبوون» چوارچێوەیەکی زۆر گرینگی بۆ فامی دەسەڵاتی دەربڕینی شاعیرانە بە مەبەستی دەرخستنی ڕاستیەکانی بوونایەتی هێنایە ئاراوە. زمان لەلای هایدگەریانەی هەبوونە و لە ئەندێشەی ئەودا شێعر تەنیا خۆخافڵاندن یا شێوازێک لە کولتوور نییە. بەڵکوو ئەو هێزەیە کە ئاقاری ڕاستەقینە فراوان دەکاتەوە و مرۆڤ دەگەیەنێتە ئاستی بوون و جیهان (جان ئایلین؛ ۲۰۱۳). مەبەستی ئەم توێژینەوەیە، هەڵسەنگاندنی هەبووناسیی زمانە لە شێعرە بوونایەتییەکانی شێرکۆ بێکەسدا بە ڕوانگەیەکی شیکاری-لێکدانەوانەوە، بە پشت بەستن بە فەلسەفەی هایدگەر. بە شەنوکەوی کەڵک وەرگرتنی داهێنەرانەی بێکەس لە زمان و ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ناوەرۆکگەلێکی وەک دوورخستنەوە، شوناس و پەرۆشی بوونایەتی، ئێمە بە شوێن ڕوونکردنەوەی چلۆنیی لەختایەتیی و پەرەسەندنی شێعرەکانی ئەو لە چەمکگەلی هەبووناسێتیی هایدگەرەوەین. ئەم لێکۆڵینەوەیە دەپەرژێتە چەند پرسیارێکی سەرەکی:

۱. هەبووناسی و هەبوون لە شێعری بێکەسدا چ پێوەندییەکیان پێکەوە هەیە؟

۲. کەڵک وەرگرتنی بێکەس لە زمان چۆناوچۆن باوەڕەکانی هایدگەر سەبارەت بە پێوەندیی زمان و هەبوون و هونەر دەخاتە ڕوو؟

۳. زمانی شاعیرانەی بێکەس لە کامانە ڕێگاوە خۆی دەگەیەنێتە خوێندنەوەیەکی هەبووناسانە؟

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە لێکدانەوەی گوڵبژێرێک لە بەرهەمە شێعرییەکانی بێکەس، وەک *ئێستا کچێک نیشتمانمە* و *دەربەندی پەپوولە* گەرەکیە بە تێگەیشتنی زیاتری ئەدەبی کوردی لە بەستێنێکی فراوانتری فەلسەفە و شێعری ئیگزیستانسیال یارمەتی بدات. هەروەها هەوڵ دەدا دەری بخات کە شێعری بێکەس وەک ئامرازێک بۆ دەربڕینی لایەنە گرێگۆڵەکانی بوونایەتیی مرۆڤ، بەتائبەت ئەزموونی کوردەکان لە جێگۆڕکێ و شوناسی کولتووری، کاریگەرییەکەی چۆناوچۆنە. ئەم لێکۆڵینەوەیە بە پشکنینی زانستییانەی ئەدەبی کوردی لە دەلاقەی فەلسەفەوە، نە تەنیا

کەلەبەرێک پڕ دەکاتەوە، بەڵکوو ڕوانگەگەلێکیش لە سەر لایەنەکانی جیهانیی بئر کردنەوەی بوونایەتی دێنێتە ئاراوە کە لە ڕێگەی شێعرەوە دەردەبڕدرێ.

## ٢- پێشینەی لێکۆڵینەوە

لە زۆربەی ئەو خوێندنەوە و لێکدانەوانەدا کە بابەتەکەیان شێعری شێرکۆ بێکەسە، لە سەرچاوە زانستییەکاندا و بە زمانەکانی کوردی، فارسی و ئینگلیزی، لێکۆڵەران لە چەند لایەنەوە بۆ شێعری بێکەسیان ڕوانیوە:

لێکدانەوەی بابەتییانە: ئەژمارێک لە وتارەکان دەپەرژێنە ناوەڕۆک و ئەو نیگارانەی لە شێعری بێکەسدا باون. وەک ئەوین و سروشت و پرسە کۆمەڵایەتییەکان.

تاوتوێی شێوازی شێعری: لێکۆڵەران شێوازی شێعریی تائبەتەوتاکی بێکەسیان لێکداوەتەوە. بۆ وێنە، کەڵک وەرگرتنی لە زمان، وێنە و پێکهاتەی شێعری.

خوێندنەوەی بەراوردکارانە: هەندێک لە وتارەکان بەرهەمەکانی بێکەس و شاعیرانی ناوداری کوردیان پێک گرتووە. وێکچوون و جیاوازی و ڕوانگەکانیان دەرخستووە.

بەستێنی مێژوویی: توێژکاران شێعری بێکەس، لە ئاستێکی بەرینتری مێژووی ئەدەبی کوردی و گۆڕانکارییەکانی لە درێژایی زەمەندا دادەنێن.

شوێندانەری و میرات: تاقمێک لە وتارەکان پەرژاونەتە سەر شوێندانەریی بەرهەمەکانی بێکەس لەسەر بەرەی دواتری نووسەرانی کورد و گرینگیی مانەوەی شێعرەکانی لەسەر شوناسی کولتووریی کورد.

نووسەرانی ئەم لێکۆڵینەوەیە تەنیا دەستیان بە دوو سەرچاوە ڕاگەیشت کە لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە ئاماژەیان بە شێعری بێکەس کردبێ. وتاری «زمانی شاعیرانەی شێرکۆ بێکەس لە ئێستا کچێک نیشتمانە»دا لە کتێبی *دەنگی کورد لە ژێر زەرەبینی شێوازناسانەی ڕەخنەییدا* (تابرت، یوو؛ ئیبراهیم، م.ک. ٢٠٢٣) کە ئاماژە دەکات بە لایەنە فەلسەفییەکانی شێعری بێکەس و پرسەکانی پێوەندیدار بە وەرگێڕانەوە. لێکۆڵەران چلۆنایەتیی کەڵک¬وەرگرتنی شاعیریان لە زمانی جیاواز بۆ دەرخستن و ڕاپەڕاندنی بەرپرسایەتییەکەی، تاوتوێ کردووە. بەڵگەش دێننەوە کە شاعیر لە شێعری *ئێستا کچێک نیشتمانە*دا، بە زمانێکی تائبەت دواوە. زمانێک کە لە باری وێنەگەلی هونەری، ڕاوێژی ئاخاوتەیی و ناوەڕۆک و فۆرمەوە تائبەتەوتاکە. یەک لە تائبەتمەندییە بەرچاوەکانی ئەوەیە کە شاعیر دەورێکی دیار دەدا بەو وشە باوانەی وا ڕۆژانە بە سەر زاری خەڵکەوەن. بۆ ئەوەی لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکەشی دڵنیا بێت، لەمپەرەکانی کەڵک وەرگرتن لە

زمانی ڕەچاو نەکردووە. هەروەها توێژکاران بە وردی و بەربڵاوییەوە زمانی یاخیگەرییانەی بێکەسیان لێکداوەتەوە.

نووسەران (تەها، ع. ئەلف. ڕ؛ کەریم، س.چ ۲۰۲۱) لە وتاری «ئۆمانیسم لە شێعرەکانی **۱۹۷۰ ـ ۱۹۷۳**ی شێرکۆ بێکەسدا» بابەتی مرۆڤخوازییان لە بەرهەمەکانی بێکەسدا بە جەخت کردن لەسەر تەوەرەی تاک، لێکداوەتەوە. بێکەسیان وەک شاعیری نەتەوەیەکی سەرکوتکراو ناساندووە کە لە جەرگەی ئازار و خەفەتی نەتەوەکەیدا دەژی. لەو باوەڕەش دان کە مرۆڤ (تاکخوازی) تەوەرەی سەرەکیی زۆربەی شێعرەکانی بێکەسە. بەو واتایە کە گەورەیی و پیرۆزیی وڵات بە گەورەیی و بەرزیی مرۆڤەوە گرێ دراوە. هەڵاواردنی ڕەگەزی، زایەندێتی و ئایینزایی ئەم دیاردانەن وا شێرکۆ بێکەس دەیهەوێ خاشەبڕیان بکات. نووسەرانی وتارەکە هەوڵیان داوە خوێنەر لەگەڵ ئیدئۆلۆژیی مرۆڤخوازانەی شاعیر ئاشنا بکەن.

وێڕای ئەوەی لێکۆڵەرانێکی زۆر لە ناساندنی بیر و شێوازی بێکەسدا بەشدارییان کردووە، لە پێوەندی لەگەڵ بەکاربردنی تائبەتیی فەلسەفەی هایدگەر لە شێعری ناوبراودا، کەلێنێکی گەورە هەیە. زۆربەی لێکۆڵینەوەکان بە گشتی جەخت لەسەر ناوەرۆکی ئەدەبی کوردی دەکەن. بە بێ ئەوەی کاریان لەسەر ئەو بنەما فەلسەفییە کردبێ وا ئاگاداری وتەزای بوونایەتیی بێکەسمان دەکەن. مەبەستی ئەم لێکۆڵینەوەیە پڕ کردنەوەی ئەو کەلەبەرەیە. ئەویش بە شیکردنەوەیەکی وردی شێعری بێکەس بە ڕوانگەی هایدگەرییەوە. هەروەها چلۆنایەتیی زایەڵەی زمانێکی داهێنەرانە و کێشە بابەتییەکانی شاعیر لەگەڵ بیرۆکەی بوونایەتی تاوتوێ دەکا.

## ۳- چوارچێوەی گریمانەیی

هایدگەر بە شوێن زیندووکردنەوەی هەبوونناسی بە تێپەڕین لە میتافیزیکی نەریتییەوە بوو. لەبری ئەوە لەسەر ئەزموونی «لەدنیادابوون» جەختی دەکرد. هایدگەر چەمکی «دازاین»ی ناساند کە ئاماژە بە شێوەی تائبەتەوتاکی «بوون»ی مرۆڤ دەکا. ئەمیش بە خۆئاگایی و توانایی بردنەژێر پرسیاری «بوون»ی خۆ دیاری دەکرێت (ویلز، ۲۰۲۰). کلیلی هەبوونناسیی هایدگەر ئەم بیرۆکەیە کە بوونی مرۆڤ خۆی لە بنەڕەتدا کاتی و لەبڕانەهاتووە. ئەم ماوەدار بوونەش تەنیا تائبەت بە ژیانی مرۆڤ نییە، بەڵکوو چێکری بوونی «دازاین»ـە. هەر وەک هایدگەر لە «هەبوون و کات»دا دەڵێ، «گەوهەری دازاین» لە «بوون»دا شاراوەیە (هایدگەر، ۱۹۹۷). ئەم ڕوانگەیە لەسەر گرینگیی ڕەسەنایەتی و پێویستیی تاکەکان بە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ تێداچوون و سروشتی لەبڕانەهاتووی خۆیان، پێدادەگرێت.

هایدگەر بە پێناسە کردنی زمان وەک «یانەی هەبوون»، دەڵێ کە زمانتەنیا کەرەسەی پێوەندی نییە. بەڵکوو بۆ بوونی مرۆڤ و تێگەیشتنی ئێمە لە هەبوون، بنەڕەتییە. ئەو لە بەرهەمەکانی دواتری خۆیدا بە ڕوونی ڕایگەیاند: «زمانیانەی هەبوونە؛ مرۆڤ لە یانەی خۆیدا نیشتەجێیە» (هایدگەر، ١٩٧١). ئەم خوازەیە نیشانی دەدا کە زمان تێگەیشتنی ئێمە لە ڕاستەقینە و پێگەی ئێمە لە ناو ئەودا پێک دێنێت. زمانی شاعیرانە بۆ هایدگەر لە ئاشکرا کردنی ڕاستەقینەی هەبووندا، خاوەنی پێگەیەکی بەرزە. ئەو بەڵگە دێنێتەوە کە شێعر دەتوانێ ئەو لایەنگەلە لە هەبوون وا لە لێدوانی ڕۆژانەدا شاراوە دەمێننەوە، ئاشکرا بکا. هەر وەک چۆن لە «شێعر، زمان، ئەندێشە»دا دەنووسێ: «ئەرکی شاعیر ئاشکراکردنی جەوهەری بوونە» (هایدگەر، ١٩٧١). ئەم ناولێنانە، لەقەم لێدان نییە، بەڵکوو دەرکەوتنی بوون بە حازربوونەکەیەتی.

گەرچی هایدگەر لەقەم لێدانی ئیگزیستانسیالیزمی لەخۆی ڕەد کردەوە، بەڵام بەرهەمەکانی ئەو بە شێوەیەکی بەرچاو کاریگەری لەسەر ئەندێشەی بوونایەتی دانا. پێداگری کردنی ئیگزیستانسیالیستی لەسەر ئەزموونی تاکی و ڕەسەنایەتی و ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ نەمانی خۆ، لەتەک فەلسەفەی هایدگەر لە ئاراستەیەک دان (کارۆل ٢٠٢٠). لە بواری شێعردا واتا ئیگزیستانسیالیستییەکان زۆربەی جار بە شێوەی تاوتوێ لە شوناسی تاکی و ئازادی و گەڕان بە شوێن مانادا دەردەکەون. لە دنیای بە ڕواڵەت پووچیشدا ئەم واتایانە لە شێعری شێرکۆ بێکەسدا بە گوڕمی دەنگ دەدەنەوە. بەتائبەت لە وێکەوتی تەک شوناسی کوردی و ئەزموونی دوورخرانەوەدا.

وتاری «سەرچاوەی بەرهەمی هونەری»ی هایدگەر ڕوانگەکانی ئەو سەبارەت بە گرینگیی هەبوونایەتیی هونەر دێنێتە ئاراوە. ئەو بەڵگە دێنێتەوە کە هونەر، بەتائبەت شێعر، ئەو هێزەی هەیە بە شێوەیەک ڕاستەقینە ئاشکرا بکا کە سەرووتر لە دەرخستنەوەیەکی ڕووت بێ. بەلای هایدگەرەوە بەرهەمی هونەری دنیا دەکاتەوە و زەوی دەنوێنێت و دۆخێک دەخولقێنێ کە ڕاستەقینە دەتوانێ تێیدا ڕوو بدات (هایدگەر، ٢٠١٧). ئەم چوارچێوەیە بوارێکی بەپیت بۆ لێکدانەوەی شێعری شێرکۆ بێکەس پێک دێنێ و ئەو دەرفەتەش بۆ ئێمە دەڕەخسێنێ کە شێوەی کەڵک وەرگرتنی ئەو لە زمان تاوتوێ بکەین. هەروەهایش وێنەسازیی شاعیرانەی بێکەس کە لەگەڵ پرسگەلی بنەڕەتیی هەبوون و شوناس و ڕاستەقینە تێکبەزیوە، بناسینەوە. هەر بۆیەش بە لێکدانەوە و لێکۆڵینەوە لە چەمکەکانی هەبوونایەتیی هایدگەر لە بەرهەمەکانی بێکەسدا، سەبارەت بە چەمکە فەلسەفییەکانی شێعری ناوبراو و لایەنی بوونایەتیی ئەزموونی کورد بوونەکەی، دەتوانین ببینە خاوەنی ڕوانگەیەکی قووڵتر.

## ٤- شێوازناسی

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە کەڵک وەرگرتن لە شێوازی شیکارانە-لێکدانەوەیی لە دەلاقەی چەمکە فەلسەفییەکانی مارتین هایدگەرەوە، هەبوونناسیی زمان لە شێعری شێرکۆ بێکەسدا تاوتوێ دەکا. شێوازناسی لەسەر سێ بنەمای سەرەکی پێک هاتووە: شیکاریی لێکدانەوەی دەقی شێعریی بێکەس، بە کار بردنی هەبوونناسیی هایدگەر و تاوتوێی پێوەندیی نێوان زمان و هەبوون.

شێوەبۆچوونی شیکارانە-لێکدانەوەیی، باری لێکۆڵینەوەیەکی وردی شێعری شێرکۆ دەرەخسێنێ و لەسەر چۆنییەتیی گواستنەوەی ناوەرۆکی بوونایەتی زمان و وێنەکانی ئەو تەرکیز دەکا. ئەم شێوازناسییە لەجێی پێناسەیەکی ڕووت، لەسەر شرۆڤەی دەقەکان پێداگری دەکا و هەلی تێگەیشتنێکی قووڵتر لە چەمکە هەبوونایەتییەکانی ناو بەرهەمەکانی بێکەس دەئافرێنێت. هەر وەک چۆن کەماڵ (۲۰۰٤) ئاماژەی پێ کرد، کردەوەی شیکاریی لە شیعردا پێویستی بە خییەکی داهێنەرانە لەگەڵ دەق هەیە. لەو شوێنە وا خوێنەر بە شوێن دۆزینەوەی توێژگەلێک لە ماناوەیە کە لەوانەیە لێکدابەدوو خۆ دەرنەخەن.

ئەم شیکردنەوەیە تەرکیز دەکاتە سەر گوڵبژێر و کۆپلەگەلێک لە دوو بەرهەمی شێعریی *ئێستا کچێک نیشتمانمە* و *دەربەندی پەپوولە*. ئەم بەرهەمانە بە هۆی ناوەرۆکی بەپیتی بوونایەتی و کەڵک وەرگرتنی داهێنەرانە لە زمان هەڵبژێردراون. مەبەستی ئەم خوێندنەوەیە لە تاوتوێ کردنی ئەم بەشە تائبەتانە ئەوەیە کە دەری بخات شێعری بێکەس چلۆن چەمکەکانی زمان و هەبوونی هایدگەر دەلەختێنێت.

### ١-٤- پێوەرەکانی ڕاژە و شیکردنەوە

ئا) چەمکە هایدگەرییەکان: هەر شێعرێکی هەلبژێردراو لە پێوەندی لەگەڵ چەمکە سەرەکییە هایدگەرییەکان، وەک: دازاین (لەدنیادابوون)، دەوری زمان بە ناوی یانەی هەبوون و گرینگیی دەربڕینی شاعیرانە لە دەرخستنی بوونایەتی، لێک دەدرێتەوە.

ب) بابەتی بوونایەتی: ئەم لێکدانەوەیە بابەتەکانی بوونایەتی، وەک: ڕەسەنایەتی، شوناس، دوورخرانەوە و باری مرۆیی لە شێعری بێکەسدا دەستنیشان و ڕاڤە دەکا. ئەمە تاوتوێ کردنی چلۆنایەتیی زایەڵەی ئەم واتایانە لەگەڵ لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکانی هایدگەریش دەگرێتەوە.

ج) زمانی شاعیرانە: سەرنج دەدرێتە کەڵک وەرگرتنی داهێنەرانەی بێکەس لە زمان و وێنەی شێعریدا. هەروەها شی دەکرێتەوە کە شیوازی شێعریی بێکەس چلۆن لە خزمەتی دەربڕینی بیرۆکە ئاڵۆزەکانی بوونایەتیدایە. ئەمە شەنوکەوی خوازەکان، هێماکان و زایەڵە سۆزەکییەکانیش لە خۆ دەگرێ.

### ٢-٤- کۆکردنەوە و سنووردارێتیی دراوەکان

دراوەکانی ئەم خوێندنەوەیە کۆ کراوەیەکن لە شێعرە بڵاو کراوەکانی بێکەس و هەروەها سەرچاوەگەلی پلە دوو کە ڕوانگەی ڕەخنەگرانە لەسەر بەرهەمەکان و ژێرخانە فەلسەفییەکەیان دێنێتە ئاراوە. لە ڕەوتی لێکۆڵینەوەکەدا لە کتێب و وتاری زانستی سەبارەت بە بێکەس و هایدگەر بۆ پێشبواری لێکۆڵینەوە و پشتگیریی شرۆڤەکان کەڵک وەرگیراوە.

لە کاتێکدا مەبەستی ئەم شێوازناسییە نواندنی تێگەیشتنێکی هەمەلایەنەی شێعری بێکەس لە ڕۆچنەی هایدگەرە، گرینگە کە سنوورە پەنگراوەکانیش قەبووڵ بکەین. چییەتیی شرۆڤەی لێکدانەوە بەو مانایەیە کە لەوانەیە خوێندنەوەکان بە پێی ڕوانگە وئەزموونی تاک جیاواز بێ. جیا لەوە، تەرکیز لەسەر شێعرە هەڵبژێردراوەکان، سەرجەم بەرهەمەکانی شاعیر لەخۆ ناگرێ. کە وایە، لێکۆڵینەوەی زیاتر بۆ دۆزینەوەی ناوەرۆکی تر لە بەرهەمەکانی شاعیردا شتێکی پێویستە.

## ٥- لێکدانەوە و شرۆڤە

### ٥-١- چییەتیی هەبوون لە شێعری بێکەسدا

ئێستا دەچینە سەر لێکدانەوە و شرۆڤەی شێعرەکانی بێکەس لە ڕۆچنەی فەلسەفەی هەبوونناسانەی هایدگەرەوە. مەبەستی ئێمە ئەوەیە، بە تاوتوێ کردنی شێعرگەلێکی تایبەت، بۆمان دەرکەوێ کە کەڵک وەرگرتنی بێکەس لە زمان و کەڵکەڵە بابەتییەکان چۆناوچۆن لەگەڵ چەمکە هایدگەرییەکانی بوون و زمان و هەبوون، دەنگ دەدەنەوە. لێرەدا ئاماژە بۆ چییەتیی هەبوون لە شێعری بێکەسدا دەکەین.

شێعری بێکەس زۆربەی جار لەگەڵ هەبوون، بە تایبەت لە بەستێنی شوناسی کوردی و ململانێی بوونایەتیدا، دەستەو ئێخەیە. ئەمە لەگەڵ چەمکی هایدگەر لە دازاین، یا لەدنیادابوون، کە جەخت لەسەر گرینگیی تێگەیشتنی بوونی مرۆڤ لە هۆنەی مێژوویی و کولتووریی تایبەتدا دەکا، دەبێتە هاوئامانج (هایدگەر ١٩٩٧). بێکەس لە شێعری دوای خنکانی حەڵەبچەدا، دەپەرژێتە سەر هێرشی کیمیایی بۆ سەر ئەو شارە. ڕووداوێکی دڵتەزێن کە بە قووڵی لەسەر شوناس و بیرگەی گشتیی کورد کاریگەر بووە. لە شێعرەکەدا هاتووە:

> لە دوای خنکانی حەلەبچە / سکالایێکی درێژم/ نووسی بۆ خوا / بەر لە خەڵکی بۆ درەختێکم خوێندەوە / درەخت گریا / لە پەنایا بالندەیەکی پوستەچی وتی باشە / کێ بۆت دەبا؟ / گەر بە تەمای منی بیبەم / من ناگەمە عەرشی خوا.
>
> بوو بە شەو درەنگ / فریشتەی ڕەشپۆشی شێعرم / وتی: تۆ هیچ خەمت نەبێ / من بۆت ئەبەم، هەتا سەرێ / تا کەشکەڵان / بەڵام بەڵێنت نادەمێ / خۆی نامەکەم لێ

وەرگرێ / خۆ دەزانی خودای گەورە کێ ئەیبینێ / وتم سپاس، تۆ هەڵفڕە / فریشتەی ئیلهام هەڵفڕی و / لەگەڵ خۆیا سکاڵای برد / ڕۆژی دوایی کە هاتەوە / سکرتێری پلە چواری نووسینگەی خوا / عوبەید ناوێ و هەر لەسەر هەمان سکاڵا / بە عەرەبی بۆی نووسیبووم / گەوجە! / بیکە بە عەرەبی / کەس لێرە کوردی نازانێ و / نایبەین بۆ خوا... (بێکەس، ۲۰۱۳).

ئەم شێعرە بە دانانی خەمی بوونایەتیی شاعیر لە هۆنەیەکی مێژوویی و کولتووریی تائبەتدا، چەمکی هایدگەر لە دازاین، یا لەدنیادابوون، دەگێڕێتەوە. هەروەها وێنەیەکی چەمکی هایدگەرە لە «تووڕدراوێتی»؛ واتە ئەو شوێنەی دازاین خۆی لە دنیایەکدا، بە بەستێن و واتاگەلێکی کە لە بەراییدا بووی، دەبینێتەوە (ویلێر، ۲۰۲۰). هێرشی کیمیایی بۆ سەر حەڵەبچە دەرخەری شێواندنی گرژانەی دنیای شاعیرە کە دەبێتە هۆی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕاستەقینەیەکی دڕندانەی هەبوون. کردەوەی نووسینی «شکات بردنە بەر خودا»، هێمای خەباتێکە بۆ دەربڕینی خەفەتێکی قووڵ و بێهیوایی بوونایەتی. وەڵامی درەخت و کولۆڵبوونی لە گەیاندنی برووسکەکەدا، لەمپەرەکانی بەر دەم زمان لە دەربڕینی ئەوپەڕی ئازاری مرۆڤ زەق دەکاتەوە. هاوکات لەگەڵ وتەی هایدگەر کە زمان دەتوانێ هەبوون بدرکێنێ، دەردەکەوێ. بەڵام زۆر جار لە تێگەیشتنی گەوهەری ئەو بە تەواوی، کۆتایی دەکا (هایدگەر، ۱۹۹۷).

هەروەها شێعرەکە لەگەڵ چەمکە بنەڕەتییەکانیتری فەلسەفەی هایدگەر، بەتائبەت چەمکی دازاین یا لەدنیادابوون، پێوەندییەکی زۆر نێزیکی هەیە. شاعیر بە هێنانە ئارای پرسیارە بوونایەتییەکان و تاوتۆی پێوەندیی نێوان مرۆڤەکان و خودا و سروشت، ئەزموونێکی هەبوونمەندانە وێنا دەکا کە لە ناوکی ئەندێشەی هایدگەردایە. شاعیر وەک ئامرازێک بۆ دەربڕینی هەستە قووڵەکان و پرسیارەکانی بوونایەتی سەبارەت بە هەبوون و شوناس و ئیمان کەڵک لە شێعر وەردەگری. لێرەدا زمان وەک بوودرێک بۆ ئاشکرا کردنی بوونایەتی کار دەکا و دەوری زمان وەک «یانەی هەبوون» دەردەخات. شێعرەکە لەگەڵ چەند بابەتی بوونایەتی تێکبەزیوە کە ئەمانەی خوارەوەن:

ـ دوورخرانەوە و شوناس: ئاماژە بە حەڵەبچە و ئاکامەکانی خنکان، بابەتی دوورخرانەوە یان جێگۆڕکێ بە دوو شێوەی فیزیکی و بوونایەتی دێنێتە ئاراوە. هەستی جیا بوونەوە لە ڕەگ یا لە ماڵ، لەگەڵ چەمکەکانی هایدگەری سەبارەت بە «تووڕدران بەرەو هەناوی هەبوون» یەک دەگرنەوە.

ـ ڕەسەنایەتی: دەنگی شاعیر ڕاستوێژانە و بێ خەشە. دەستەو ئێخەی پرسیار و هەستێکی قووڵە. لێرە ڕەسەنایەتی ئاماژە بە دەربڕینی ڕاستیی ئازارەکان و ئیمانی بوونایەتی دەکا.

ـ باری مرۆیی: شیعرەکە دەپەرژێتە سەر باری مرۆڤ لە ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ تراژیدیا (حەڵەبچە)دا و گەڕان بە دوای پێوەندی گرتن بە خوداوە. ئاماژە دەکا بە بابەتگەلێکی وەکمەرگ و ئیمان و سنووردار بوونی تێگەیشتنی مرۆڤ.

زمانی شێعر لێوڕێژ لە خوازە و وێنەسازییە:

ـ خوازە و هێما: «شکات بردنە بەر خودا»، دەتوانێ هەم هێمایناڵەی شاعیر بێ و هەم هاواری بوونایەتییەکی بەرینتر. گریانی درەخت و هێنانی «فریشتەی ڕەشپۆشی شێعر» وێنەگەلێکی زیندوو دەورووژێن کە یاریدەی ناخی سۆزەکی و فەلسەفیی شێعر دەدا.

ـ تۆخکردنەوەی سۆزەکی: لە سەرلەبەری شێعرەکەدا ژێردەقێکی سۆزدارانە هەیە کە لە ڕێگەی هەڵسوکەوتی شاعیر لەگەڵ خودا و درەخت و فریشتەدا دەگوازرێتەوە. پاڕانەوەی شاعیر و وەڵامی سکرتێری خودا، تێکەڵاوییەک لە بێهیوایی و هیواداری و پێمل بوون نیشان دەدات.

ـ کەڵک وەرگرتنی داهێنەرانە لە زمان: شێعرەکە زمانی ڕەشۆکییانە و شاعیرانەی ئاوێتەی یەک کردووە و ئاسایی و بەرزایی دەردەخا. گۆڕانکاریی نێوان دەربڕینی ڕاستەوخۆ و مۆنۆلۆگی ناوەکی تویژگەلێک بە گێڕانەوە زیاد دەکا و گرێگۆڵیی هزرین و پێوەندیی مرۆیی زەق دەکاتەوە.

**٢-٥- زمان و ڕەسەنایەتی**

کەڵک وەرگرتنی داهێنەرانەی بێکەس لە زمان لەگەڵ ڕوانگەی هایدگەر هاوتەریب دەبێ. زمانی شاعیرانە ئەو توانایییەی هەیە کە لایەنگەلێک لە هەبوون وا لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا شاراوە دەمێنێتەوە، دەربخا. لە «ئێستا کچێک نیشتمانمە»دا، بێکەس بۆ دۆزینەوەی بابەتی شوناس و گۆڕانکاریی بوونایەتی کەڵک لە زمانی خوازە وەردەگری:

> هەموو ڕۆژێک من ئەپرسم: / لە چی ئەچم؟! / چێشتی ترشاو؟! / تەنەکەی خۆڵ؟! / زێرابی ماڵ؟! لە چی ئەچم؟! / لەئێستادا وا هەستەکەم / من خۆڵ و پووش و پەلاشی / وەرزی نامۆیی خۆمم و / ئاوێنەیەکی شکاوی ورد و خاشی / بێهوودەیی و تەنیاییم و / نیشتیمانیش وا ئەبینم / بووە بە گسکێکی گەورە و / هەموو ڕۆژێک لەبەردەمی مێژوویەکی / بێ دەربەستدا، گسکم ئەدات! (بێکەس، ٢٠١٣).

ڕوانگەی هایدگەر لەمەڕ ئەوەی کە زمان بۆ دەرخستنی چییەتیی هەبوون ئێجگار گرینگە (هایدگەر ١٩٧١)، بە ڕوونی لەم کۆپلەیەدا وێنا کراوە. شاعیر زمان وەک کەرەسەیەک بۆ گەڕان و دەربڕینی باری دەروونیی خۆی دەکار دەکا و لە سارستەگەلێکی یادەوەری وروژێن کەڵک وەردەگرێ کە هەستێکی پچڕپچڕی و بێهەمێتی ڕادەگوێزێ. خوازەگەلێکی وەک چێشتی ترشاو و تەنەکە خۆڵ هەستێکی ئاڵۆز لەخۆ دەگرن کە بأس لە تاڵی و بارێکی تاقەت پڕووکێن دەکا. ئەمە دەری دەخا کە زمان چۆن دەتوانێ دڵەڕاوکێکانی بوونایەتی بێژەر بگوازێتەوە و بیچمی پێ

بدا و وەک «یانەیەک لە بوون» کار بکا کە بێر و هەستی لە خۆ دەگرێ. قورسایی سۆزەکیی شیعرەکە بەرساوە. کەڵک وەرگرتنی شاعیر لە زمانی رۆژانەی ئاوێتە بە خوازەگەلێکی بەرچاو، وێنەیەکی زیندووی پێوەندیدار بە باری دەروونییەوە دێنێتە ئاراوە و زایەڵەیەکی هەستۆکیی بەهێز دەورووژێنێت، کە بە شێوەیەکی کاریگەر ئاڵۆزی و دڵەڕاوکێکانی بوونایەتی دەگوازێتەوە. ئەم زمانە داهێنەرانەیەی شاعیر لە خزمەت پڕ کردنەوەی کەلەبەری نێوان بیرۆکە ڕووتە فەلسەفییەکان و ئەزموونە بەرساوەکانی ئەودایە.

لە هەناوی شێعرەکەدا چەمکی دازاین جێگیرە کە لەسەر ئەزموونی تاک لە بوونی بەسەر دنیاوە جەخت دەکا. پرسیاری لەپەسای بێژەر «لە چی ئەچم؟!» هەڵگری ململانێیەکی بنەڕەتیی بوونایەتییە بۆ تێگەیشتن لە خۆ لە ناو ئاڵۆزییەکانی هەبووندا. ئەم گەڕانە دەرخەری لەخۆڕامانێکی قووڵە و دەستەوئێخەبوونی شاعیر لەگەڵ تێگەیشتنی خۆی و گەوهەری هەبوونایەتی ئاشکرا دەکا. بەکار هێنانی زاراوەگەلێکی وەک «خۆڵ و پووش و پەڵاش» و «ئاوێنەیەکی شکاوی ورد و خاش»، هەستی شوناسێکی شپرزە گەورە دەکاتەوە و بە پێداگریی هایدگەر لەسەر وشیاری و بەرامبەرکێی تاک لەگەڵ بوونی خۆی، دەردەکەوێ.

خوازەی تازە و وێنەی زیندووی شێعر وەک کەرەسەیەکی بەهێز بۆ ئاشکرا کردنی بوونایەتی دەردەکەون. دەربڕینەکانی شاعیر لەمەڕ نامۆیی و لەخۆڕامان لەگەڵ ڕوانگەی هایدگەر کە پێی وایە شێعر دەتوانێ ڕاستەقینە بنەڕەتییەکان لە پێوەندی لەگەڵ هەبوونایەتیی مرۆڤ ئاشکرا بکات، لە یەک ئاراستەدان. وێنا کردنی نیشتمان بە شێوەی «گسکێکی گەورە» لە ئاست مێژوودا، وەک ڕەخنەیەک لە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان هاتۆتە ئاراوە و لەسەر پووچەڵ بوون و بێوەریی هەوڵەکانی مرۆڤ پێداگری دەکا. ئەمە ڕەنگدانەوەی هەستێکی قووڵە لە نامۆیی. چونکا بێژەر شوناسی پارچەپارچەی خۆی بە نێوان قورسایی گێڕانەوە مێژووییەکاندا ڕێنوێنی دەکا. ئەم تێڕامانە لەگەڵ ڕەخنەگەلی بوونایەتی لەسەر باری مرۆیی دەکەونە یەک ئاراستە و هەوڵ بۆ دۆزینەوەی مانا لە دنیایەکی ئاڵۆز و زۆربەی جاریش پووچدا بەرز دەکەنەوە و دەپەرژێنە سەر پووچەڵ بوونی باری مرۆیی.

بابەتی شوناس لە شێعردا ناوەندێکە بە پرسیاری بێژەر لە چۆنییەتی و ڕواڵەتەکەی کە کەڵکەڵەی بوونایەتییەکی بەرینتر دەگێڕێتەوە. هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە شوناس و پێگەی خۆ لە جیهاندا، هەستی پێ دەکرێ. چونکا شاعیر لەگەڵ هەستی بێ-هەمێتی و بڕینی پێوەندییەکان ڕووبەڕوو دەبێتەوە. ئەم هەوڵە بۆ تێگەیشتن لە خۆ، لە کاتی گەڕان بە شوێن ڕەسەنایەتیدا، گەلێک گرینگە. لە شوێنێکدا کە تاک دەبێ ڕاستەقینەی ناخی خۆی لەگەڵ چاوەڕوانییە دەرەکییەکان ئاشت بکاتەوە.

### ٣-٥- داهێنانی شاعیرانە و کەڵکەڵەی بوونایەتی

شێعری بێکەس زۆر جار بۆ دەربڕینی کەڵکەڵەی بوونایەتی پەنا دەباتە بەر داهێنانی شاعیرانە. ئەمە لەگەڵ چەمکی هایدگەر لە هزرینی شاعیرانەدا وەک کەرەسەیەک بۆ ئاشکرا کردنی ڕاستەقینەی هەبوون هاوتەریبە. بێکەس لە «دەربەندی پەپوولە»دا بە کەسێتیپەرژێنی و وینەی زیندوو هاولکاویی سروشت و ئەزموونی ئینسانی بۆ ئێمە دەگوازێتەوە:

ئەی گیانی گیان / گۆمێ شێت بوو وەختێ لەمانگیان دابڕی / مانگیش شێت بوو وەختێ لەهەوریان دابڕی / هەوریش شێت بوو وەختێ لە شاخیان دابڕی / شاخیش شێت بوو وەختی لە بەفریان دابڕی / بەفریش شێت بوو وەختێ لە عەردیان دابڕی / عەردیش شێت بوو وەختێ لە خەڵکیان دابڕی / ئەی گیانی گیان (بێکەس، ١٩٩١).

ئەم بڕگەیە وێنەیەکی چەمکی هایدگەرە لە داهێنانی شاعیرانەی پێکهاتەشکێنی. ئەو شوێنەی شاعیر لە ڕێگەی زمانەوە توخمە جیاوازەکان کۆ دەکاتەوە بۆ ئەوەی لایەنە نوێیەکانی هەبوون دەربخات (مارک، ڤێرسال، ٢٠١١). کەسێتیپەرژێنیی بێکەس لە توخمە سروشتییەکان نیشانەی نیگەرانیی بوونایەتییە بۆ شێواندنی هارمۆنی لەخۆنامۆیی تاکی دابڕاو لە زێدەکەی خۆی. ئەمە لەگەڵ کنەوەی هایدگەر سەبارەت بە لەدنیادابوون و گرینگیی شوێن و بەندەوارییەکەی لە تێگەیشتنی بوون، هاوتەریبە (هایدگەر، ٢٠٠٣).

شێعری شێرکۆ دنیایەک لە ئاڵۆزییەکی ساکوڵدا دەردەخات. دیمەنێکی کە لەودا بوونەوەران، چ مرۆیی و چ سروشتی، بە هۆی توندوتیژییەوە لە واری خۆیان هەڵدەکەندرێن. ئەم دابڕانە کە لە دەستەواژەی هایدگەریدا بە ناوی تێکچوونی دازاین یان لەدنیادابوون نیشان دەدرێ، جەخت لەسەر هەستی هەمەلایەنەی قەیرانی بوونایەتی دەکا.

شێعر بە دەکارکردنی جوانیناسیی مینیمالیستی و هاوکات یادەوەری بزوێن، بە دێڕە کورت و دووپات کراوەکانیدا دیارە قاو دەکاتە خوێنەران هەتا لە پرسیارە قووڵەکانی بوونایەتی، کە بنەمای گێچەڵەکانی ئێستای مرۆڤە، بیر بکەنەوە. ئەم بڕگەیە لە شێعر دەربڕی باری شکاو و تێکچڕژاوی دنیایە کە ئاوهای وێنا دەکا. ئەم سانایییە خوییایە وەک ئامرازێکی بەهێز بۆ بەیانی تورتیی بنەڕەتیی بوون کار دەکات. بە دابەزاندنی دنیای سروشتی بەرەو توخمە زەروورییەکان ـ مانگ، هەورەکان، کێوەکان، بەفر و جەماوەر ـ بێکەس خەسارهەڵگریی ئەمانە لە کاتی جیابوونەوەیان لە ڕایەڵەی مانایی لێک گرێدراویان زۆپ دەکاتەوە.

مۆتیڤی لەپەسای «دێوانە» زایەڵەی خەفەتێکی قووڵی بوونایەتییە کە دزەی کردۆتە ناو شێعرەکەوە. ئەمە دەرخەری لەکیسدانی شوناس و ڕەسەنایەتییە. چونکە بوونێتییەکان لە دەوری خۆیی وێشان لە دنیادا بێبەش دەکرێن. ئەمە ڕەگدانەوەی گەڕانی هایدگەرە لەمەڕ ڕەسەنایەتی و

تەوژمی بزر بوونی مرۆڤە لە «ئەوان»دا. شێعرەکە لە بنەڕەتدا دەبێتە شینگێڕییەکی ناخهەژێن بۆ دنیای بێبەش لە هاوسەنگی. دنیایەکی کە زمان لەودا هەوڵ دەدا قووڵایی قەیرانەکە لە خۆ بگرێ. کەوایە، کاری بێکەس دەبێتە نواندنەوەیەکی وروژێن لەمەڕ پێوەندیی مرۆڤایەتی و سروشت و ئاکامە ڕووخێنەرەکانی جیابوونەوەیان. لە دەلاقەی فەلسەفەی هایدگەرییەوە تورتیی هەبوون و ئاکامە تاڵەکانی دابڕانی پێوەندی دەردەخا.

### ٥-٤- چەمکی ماڵ و دوورخرانەوە

کنەوەی بێکەس لەمەڕ ماڵ و دوورخرانەوە، لەگەڵ چەمکی هایدگەر لە «نشینگە» دێتە ئاراوە، کە هەڵکردنێکی قووڵ و ڕاستەقینەیە لەگەڵ ژینگە (یانگ، ۲۰۰۰). گەڕانی بێکەس لە ناوەرۆکگەلێکی وەکوو ماڵ و دوورخرانەوە لە زۆربەی شێعرەکانیدا بەرچاوە. ئەو دەنووسێ:

> هەر خۆشیەک لەبەر دەکەم / یان قۆڵەکانی درێژە / یا خوود کورتە / یا خود فشە / یا خودتەنگە / بەبەری من! / هەر خەمێکیش لەبەر دەکەم / ڕێک ئەڵێی بۆ من کراوە / لە هەر کوێ بم. (بێکەس، ۲۰۱۳).

ئەم کۆپلەیە چەمکی دازاین (لەدنیادابوون)ی هایدگەر بە ڕوونی دێنێتە بەر چاو. هاوکات ناوەرۆکەکانی دوورخرانەوە و شوناس و هەلومەرجەکانی مرۆیی لە ڕێی زمانێکی تازەی شاعیرانەوە تاوتوێ دەکا. ئەم بەرهەمە لەگەڵ چەمکی ماڵ و دوورخرانەوە بە مانای ڕاستەقینە و مانای بوونایەتی دەستەوئێخەیە.

ئەمە دەربڕینی خوازەییە، گرژیی بوونایەتی لە نێوان بەندەواری و نامۆییدا وێنا دەکا؛ ململانێی شاعیر لەگەڵ جێگۆڕکێیی و گەڕان بە شوێن شوناسدا دەنوێنێ. شێعرەکە ناکۆکیی بوونایەتی لە ئەندێشەی هایدگەردا و لە نێوان بەندەواری و نامۆییدا وێنا دەکا کە مالپاس (۲۰۰٦) دەستنیشانی کردووە. خۆشیی نەشیاو و خەفەت و ئازاری شیاو هێمایەکن لە پێوەندیی ئاڵۆزی نێوان تاک و ژینگەی دەوروبەری. ئەمە کاردانەوەی ئەم بڕوایەی هایدگەرە کە جێواری ڕەسەن هەم هەستی بەندەواری دەگرێتەوە و هەم بەفەرمی ناسینی (بێ‌لانەیی)یە.

شاعیر کە دەڵێ: «هەر خۆشیەک لەبەر دەکەم» و «هەر خەمێکیش» لەبەر دەکەم، دەرخەری کراوەیی بنەڕەتیی «دازاین»ـە بە هەست و ئەزموون. مەیل بە وەرگرتنی هەر دوو باری ئەرێنی و نەرێنی، لەگەڵ چەمکی ڕەسەنایەتیی هایدگەر لە ئاراستەیەکدان؛ لەو شوێنەدا کە تاک لەگەکشەبەنگی گووراوی هەبوون ڕووبەڕوو دەبێتەوە. خوازەی «لەبەرکردن» هەستێکە دەرخەری ململانێی تەوش و زیندوو لەگەڵ دنیایە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ڕوانگەی هایدگەرە لە دازاین.

زمانی شێعر دەوری «یانەی هەبوون» دەگێڕێ و باری بوونایەتیی وێژەر لە ڕێگەی وشە و وێنەوە کە بە وردی هەڵبژێردراون، دەردەخا. کەڵک وەرگرتن لە خوازەی «بەرگ» بۆ پێناسە کردنی

هەست، ئەزموونێکی هەستەکیی بەپیت چێ داکا کە دەرخەری چییەتیی ڕەنگاوڕەنگی هەستەکانی مرۆڤایەتییە. ئەمەش لەگەڵ پێداگریی هایدگەر لەسەر زمان، وەک ڕاگەیەنەرێکی کە «هەبوون»ی پێ خویا دەکرێ، هاوتەریبە.

ئەم بەرهەمە بە شێوەیەکی بنەڕەتی بە ناخی چەمکی ماڵ و دوورخرانەوەدا چۆتە خوارێ. ئاخر دێڕ، واتە «لە هەر کوێ بم!»، بأس لە هەستی قووڵی جێگۆڕکێیی یان بێڕەگ‌وڕیشەیی دەکا. ئەمە لەگەڵ بیرۆکەی هایدگەر سەبارەت بە «بێلانەیی»ی خۆیی لە هەبوونی مۆدێرندا ـ بڕانی پێوەندی لەگەڵ تێگەیشتنی ڕاستەقینەی هەبوون ـ هاودەنگە. وەک بڵێی شاعیر بە پێی توانایی لە «ئامێز گرتن» و «پۆشین»ی هەستی خۆی، بە بێ سەرنجدان بە شوێن، «ماڵ/لانە»کەی خۆی لە دەروونی خۆیدا هەڵدەگرێ.

ئەم ماڵە دەروونییە کە لە هەست و ئەزموون ڕۆنراوە، چەمکی هایدگەر لە دازاین دەردەخا کە بەردەوام لەگەڵ دنیا بەرەوڕوو بۆتەوە. ئەم شێعرە نیشان دەدا کە بوونی ڕەسەن، بە چەشنێک «لەماڵنەبوون» لە دنیادا دەگرێتەوە؛ جێیەکی کە شوناسی تاکتەوشە و بەردەوام لە لایەن ئەزموونەکانەوە ڕۆدەنرێ و لە یەک شوێن یان لە یەک حاڵەتی تائبەتدا چەسپاو نییە.

پێناسەی جۆراوجۆر لە بەرگی هەستۆکی («قۆڵەکانی درێژە»، «کورتە»، «تەنگە»، «فشە») هەستێک لە دەقاودەقی درووست دەکا کە ڕەنگدانەوەی سەفەری بوونایەتیی دۆزینەوەی پێگەی خۆی لە دنیادایە. ئەم تەوش بوونی شوناس و ئەزموونە بأس لە ناوەڕۆکی بوونایەتیی دوورخرانەوە دەکا ـ نە ئیزتەرەم وەکوو بارێکی فیزیکی ـ بەڵکوو وەک حاڵەتێکی نەبڕاوەی بوونی مرۆڤ کە تاک لەودا بەردەوام لە گەڕان بە شوێن ڕەسەنایەتی و مانادایە.

شێعر لە گەڕان بە ناو ئەزموونە سۆزەکییەکاندا پێک هاتووە. ناوەڕۆکی شوێن گۆڕی، بە تەواوی هێزەوە چەمکە سەرەکییەکانی هایدگەر دەردەخا. بوون وەکوو ڕەوتێکی بەردەوام نیشان دەدا. «ماڵ» یەک شوێنی سەقامگیر نییە. بەڵکوو حاڵەتێکە لە ململانێیەکی ڕاستەقینە لەگەڵ هەست و ئەزموون. کەڵک وەرگرتنی داهێنەرانەی شاعیر لە زمان و وێنە، وای کردووە دەست بەم بیرۆکە ئاڵۆزە فەلسەفییانە ڕابگات و لە باری هەستۆکیشەوە دەنگ بدەنەوە. ئەمە وێنا کردنی ڕوانگەی هایدگەرە لە شێعر وەک بیچمێکی تائبەتەوتاک لە «درکانی بوونایەتی».

**٥-٥- شۆڕشی دژەباو**

شێعری بێکەس زۆر جار شۆڕشێکە لە دژی داب و نەریتی باو ولەمپەرە کۆمەڵایەتییەکان. ئەمە نواندنەوەی پێداگریی هایدگەرە لەسەر ڕەسەنایەتی. بەم پێیە لە جیاتی گەڕان بە دوایەتەناهی و ئاسوودەییدا، لە نێو باوەڕە چەقبەستووەکان یا لە نێو داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان، لەگەڵ چەمکی ڕەسەنایەتیی هایدگەر هاوڕا دەبێ کە بەرەنگارییە لەگەڵ ڕاستەقینە گوژم و دڕەکانی

هەبوون (کرۆل، ۲۰۲۰). شۆڕشی شاعیرانەی بێکەس بانگەوازێکە بۆ ململانێیەکی ڕەسەن لەگەڵ جیهان. بۆ وێنەیەکی ئەم شۆڕشە لە شێعری بێکەسدا، دەتوانین ئاماژە بە «کامەران»، پاڵەوانی «ئێستا کچێک نیشتمانمە» بکەین کە بەرەنگاری سەرجەم ئەو یاسایانە دەبێتەوە وا کۆمەڵگا بۆی داناوە؛ هەموو لەمپەرەکان تێک دەشکێنێ و لەگەڵ هیچ کام لەو مەرجانەی دیتران بۆیان داناوە، هاوڕا نییە.

من ناتوانم مێژوویەکم خۆشبوێ / هەربۆنی کرووزی پرچ و / جەستەی ژنی لێبێ.
ناتوانم ئاوێنەیەکم خۆشبوێ / بچمە بەری کە شەو و ڕۆژ ئەلبومەکانی / خوێن و تۆڵەم نیشان بدات (بێکەس، ۲۰۱۳).

شۆڕشی کامەران لە دژی شوناس و چاوەڕوانییە داسەپاوەکان لەگەڵ ڕوانگەی هایدگەریەک دەگرنەوە؛ کە دەڵێ: تاکەکان پێویستە بوون و ڕەسەنایەتیی خۆیان لە دنیایەکدا کە بە دوای پێناسە کردنی ئەوانەوەیە، بسەلمێنن (مەک کواری، ۱۹۷۷). یانیش ئەو کاتەی کە شاعیر لە دژی ڕوانینی زایەندێتیی پیاوان بە نسبەت ژنان لە کۆمەڵگادا خەبات دەکا و ڕوو لە پیاوانی باشوور دەڵێ:

هێشتا تۆ هەر خەیاڵەکانت باخچە بوون / تۆ ئەوساکە ژنی دووەم و سێهەم و / چوارەمیشت نەهێنابوو / هێشتا نەبوبویت بەوالی (بێکەس، ۲۰۱۳)

ئەم بابەتە، سەربزێوی و نیگەرانیی یەکێک لە لایەنە سەرەکییەکانی فەلسەفەی بوونایەتییە کە پێداگرت دەکا، پێویستە تاکەکان بەرەنگاری لەمپەرەکانی کۆمەڵگا ببنەوە و لێی دەرباز بن.

## ٦- دەسکەوتە سەرەکییەکان

### ١-٦- زمان وەک «یانەی هەبوون»

شێعری بێکەس وێنەیەکە لە خواستی هایدگەر کە زمان «یانەی هەبوون»ە. ئەم چەمکە لە زمانی داهێنەرانەی بێکەسدا بۆ دەربڕینی بابەتە ئاڵۆزەکان لەمەڕ بوونایەتی ڕوون و بەرچاوە. بێکەس لە ڕێی کەڵک وەرگرتنی خوازەکی و تازەی خۆی لە زمان، ئاڵۆزییەکانی بوونی مرۆڤ دەردەبڕێ. ئەم زمانی خوازەکییە لەگەڵ ئەو شتەی ڤێرسال (مارک ڤێرسال، ۲۰۱۱) وەک ڕوانگەی هایدگەر لە زمانی شاعیرانە چەشنی ئامرازێک بۆ «دانەپۆشراوی» پێناسەی دەکا، یەک دەگرنەوە. لایەنگەلێک لە هەبوون دەردەخا کە لە گوتاری ڕۆژانەدا شاراوە دەمێننەوە. گەوهەری هەبوونیش بە شێوەیەک وێنا دەکا کە لە سەرووی لێدوانی ئاساییەوەیە. بۆ وێنە لە ڕووی شێعری «سکاڵا» و «ئێستا کچێک نیشتمانمە»، دەردەکەوێ کە زمانی شاعیرانە چلۆن دەتوانێ ڕاستیگەلێکی قووڵ لەمەڕ بوونایەتی خویا بکا و لەگەڵ ڕوانگەی هایدگەریەک بگرێتەوە. بۆچی کە شێعر ئەم

توانایییەی هەیە لایەنگەلێک لە هەبوون ئاشکرا بکا کە لە زمانی ڕۆژانەدا شاراوە دەمێننەوە (هایدگەر، ١٩٧١).

**٢-٦- ناوەرۆکی بوونایەتی**

بەرهەمەکانی بێکەس لێوڕێژ لە ناوەرۆکی بوونایەتین؛ بەتائبەت چەمکی دازاین یا لەدنیادابوون. بۆ وێنە تێکۆشان لە پێناو شوناسدا، ئەزموونی دوورخرانەوە وبەرەنگار بوونەوە لەگەڵ نەریتە داسەپاوەکانی کۆمەڵگا. ئەم بابەتانە زۆر بەگوڕ لەگەڵ چەمکی دازاین لە لایەن هایدگەرەوە دەنگیان داوەتەوە کە جەخت لەسەر گرینگیی تێگەیشتنی بوونی مرۆڤ لە پێکهاتەی مێژوویی و کولتووریی تائبەت بە خۆیدا دەکەن. ئەمە لە شێعرگەگێکی وەک سکاڵا و دەربەندی پەپوولەدا ناکۆکیی نێوان بەندەواری و نامۆیی نیشان دەدا و ئەمە دەرخەری نیگەرانیی بوونایەتیی شاعیرە بۆ شیواندنی هاوئاهەنگی و گەڕان بە شوین ڕەسەنایەتیدا (هایدگەر، ١٩٩٧). ئەم کۆپلە شێعرانە وێنەگەلێکن لەم شتانەی کە دریفووس (١٩٩١) وەک تێگەی هایدگەر لە «تووڕدراوێتی» پێناسەی دەکا. لەو شوێنەدا کە دازاین خۆی لە دنیایەکدا بە پانتایی و واتاگەلێکی پێشتر دیاری کراو دەدۆزێتەوە.

**٣ -٦- ئافراندی و ڕەسەنایەتیی شاعیرانە**

تائبەتمەندیی ئافراندنی شاعیرانەی بێکەس توانایییەکەیەتی لە داهێنانی واتاگەلی تازەدا بە لێک گریدانی وشە و وێنە. ئەمە لەتەک بۆچوونی هایدگەر لەسەر بیرکردنەوەی شاعیرانە وەک کەرەسەیەک بۆ ئاسکرا کردنی ڕاستەقینەی هەبوون هاوتەریبە. دەربەندی پەپوولە نموونەیەکە لەو تشتەیە کە یانگ (٢٠٠١) وەک ڕوانگەی هایدگەر بۆ هونەر بە ناوی «دانەپۆشراوی» پێناسەی دەکا. لە پێگەیەکدا کە زمانی شاعیرانە، تێگەیشتنێکی تازە لە هەبوون بە دیاری دێنێ. بێکەس لە ڕێی کەسایەتی پێدان بە دیاردە سروشتییەکان، دیمەنێکی خوازەیی دەئافرێنێ کە ئازاری بوونایەتیی جێگۆڕکێیی و نامۆیی دەنوێنێ.

**٧- ئەنجام**

ئەم لێکۆڵینەوەیە دەری دەخات کە بکارئانینی هێرمێنۆتیکی فەلسەفی بۆ لێکدانەوەی بەرهەمە شێعرییەکان، بەکەڵکە. توێژینەوەکەمان بە نیشان دانی ئەمە کە چلۆن ڕێککەوتنی نێوان دەق و خوێنەر دەتوانێ ڕاستەقینە قووڵترەکانی هەبوونایەتی ئاشکرا بکا، پشتگیریی لە بیردۆزیی وەڵامی خوێنەر (ئیزێر، ١٩٧٨) دەکا. هەروەهایش یارمەتیی وتووێژی بەردەوامی نێوان فەلسەفەی قورنەیی و خوێندنەوە ئەدەبییەکان دەدا و ڕێگەی تازە بۆ لێکۆڵینەوەکانی نێوانڕشتەیی پێسنیار دەکا. شێعری شێرکۆ بێکەس وێنەیەکی ڕازیکەرانە لە ئەزموونی کورد دەنوێنێ کە بە بابەتگەلێکی وەک

دوورخرانەوە، شوناس و ململانێی بوونایەتی دیاری دەکرێ. کەڵک وەرگرتنی داهێنەرانەی شاعیر لە زمانی ڕۆژانە ئەو ئیزنەی پێ دەدا کە تێڕامانێکی قووڵی سۆزەکی و فەلسەفی بگوازێتەوە. هەروەها بابەتگەلێکی ئاڵۆز بخاتە بەر دەست بەردەنگێکی زیاتر. بەرهەمەکانی بێکەس زۆر بەسۆز دەربڕاون؛ بەتائبەت لە تێڕامانی ئەو لەمەڕ خەسارە مێژووییەکان کە شاعیر بۆ دەربڕینی خەفەت و ئازارێکی گشتی و لخیز کەڵکی لێ وەردەگری. ئەو لە ڕێگەی وێنەگەلی زیندوو و خوازەگەلی بەپیتەوە گەوهەری ئازاری مرۆڤ وێنا دەکا. هاوکات هێزی ڕۆحی کوردی زەق دەکاتەوە. بێکەس بە خستنە خەرکەمانی فۆرمەکانی شێعری کۆن و بە دەکارکردنی شێعری ئازاد و پێکهاتە بڵاوەکان، دژوارییەکانی هەبوونی مۆدێرن و چییەتیی پارچە پارچەی شوناس دەردەخا.

شێرکۆ بێکەس وەک کەسایەتییەکی کە گۆڕانکاری لە ئەدەبی کوردیدا پێک هێناوە، دەردەکەوێ کە شێعرەکەی نەک هەر تەنێ لە شۆڕشەکانی گەلەکەی دەدوێ، بەڵکوو بەو ناوەڕۆکە جیهانی و هەلومەرجە مرۆییەی لە شێعرەکانیدا وێنای دەکا، ئادگاری ئەدەبی کوردی لە بەستێنی جیهانیدا بەپیت دەکا. لێکۆڵینەوەکانی داهاتوو دەتوانن بە توێژینەوەی لێکۆڵینە بەراوردکارانەکان لەگەڵ شاعیرانی بوونایەتیی تریان بە تاوتوێ کردنی پێشوازیی لە بەرهەمەکانی بێکەس لە بوارە کولتوورییە جیاوازەکاندا پەرە بەم دەسکەوتانە بدەن. جیا لەمە ئەم خوێندنەوەیە دەرفەتگەلێک بۆ توێژینەوەی زیاتر لە پێوەندی نێوان شێعر و فەلسەفە، بەتائبەت لە نەریتە ئەدەبییە غەیرە عەرەبییەکاندا دەرەخسێنێ.

## سەرچاوەکان


**ئەلف. کوردی:**

بێکەس، شێرکۆ (۱۹۹۱). *دەربەندی پەپولە*، سلێمانی.

بێکەس، شێرکۆ (۲۰۱۳). *ئێستا کچێك نیشتیمانمە*، سلێمانی: چوارچرا.

کەمال، محەمەد (۲۰۰٤). *بوون و داهێنان*، سلێمانی: سەردەم.

کەمال، محەمەد (۲۰۰۷). *هایدیگەر و شۆڕشێکی فەلسەفی*، سلێمانی: سەردەم.

**ب. عەرەبی:**

انور، دیدار (۲۰۱۳). *تأثیر التکنولوجیا علی الانسان و الاطبیعة من منظور مارتن هایدجر*، رسالة ماجستیر، مصر، جامعة المنصورة.

احمد، ابراهیم (۲۰۰۸). *انطولوجیا اللغة عند مارتن هایدجر*، بیروت، دار العربیه للعلوم ناشرون، منشورات الاختلاف.

عبد السلام جعفر، صفاء (۲۰۰۲). *انطولوجیا اللغة عند هایدجر*، مصر: دارالوفاء.

**ج. انگلیسی**

Crowell, S. (2020). “Existentialism”. In E. N. Zalta (Ed.), *The Stanford Encyclopedia of Philosophy* (Summer 2020 ed). Stanford University.
Heidegger, M. (1971). 2001. *Poetry, Language, Thought.* Translated by Albert Hofstadter.
--- (1997). *Being and Time*. State University of New York Press.
--- (2003). *On the Way to Language* (P. D. Hertz, Trans). Harper & Row.
--- (2013). *Basic Problems of Phenomenology*. Bloomsbury Academic.
--- (2017). “The Origin of the Work of Art”. In *Aesthetics* (pp. 40-45). Routledge.
Iser, W. (1978). *The Act of Reading: A Theory of Aesthetic Response*. Johns Hopkins University Press.
John, E. (2013). “Poetry and Directions for Thought.” *Philosophy and Literature*, 37(2), 451-471.
Macquarrie, J. (1977). *Existentialism*. Penguin Books.
Malpas, J. (2006). *Heidegger's Topology: Being, Place, World*. MIT Press.
Tabbert, U. and Ibrahim, M. K. (2023). *Sherko Bekas: A Kurdish Voice under the Lens of Critical Stylistics*. Springer Nature.
Taha, A. A. R. and Kareem, S. H. (2021). “Humanism in the Poems of Sherko Bekas between 1970-1973”. *Journal of Language Studies*, 4(4), 420-434.
Wheeler, M. (2020). “Martin Heidegger”. In E. N. Zalta (Ed.), *The Stanford Encyclopedia of Philosophy* (Fall ٢٠٢٠ ed). Stanford University.
--- (2011). *Heidegger and Unconcealment: Truth, Language, and History*. Cambridge University Press.
.Young, J. (200). *Heidegger's Philosophy of Art*. Cambridge University Press